# هونەرو شۆڕشی گەلان




من ویستم لەسەرەتادا بە باسێ سەبارەت بە شۆڕشی ژێرزەمینی چیکیەکان دەستپێبکەم، بەڵام لەبەر گەرموگوڕی بابەتەکانی سەردەم لەبابەتی شۆڕشی گەلان، وام بەچاکزانی لە شۆڕشی (گەدەعی قبتیەکان) شۆڕشی نانی میسرییەکانەوە دەست پێبکەم،لەبەر ئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ وردەکاریەکانی ئەکەوێتە ڕوو. لای من هونەر تا ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لای هونەرمەندە میسریەکان پەوتر و بە ئەزمونترە ،بونی هونەرمەند لای ئەوان بونێکی دیالکتیکیانەیە, لەبەر ئەوەی هونەر لای هونەرمەندانی ئەوان هۆکارێکی پوختە بۆ گەیاندنی ناخی هونەرمەندو پیشاندانی ڕواڵەتی جوانی نەتەوەکەیان بەدەرەوەی خۆیان، هەرچەندە لەهەمان کاتدا هونەر بۆ بژێوی ژیانیان بەکارهاتووە، جا' لای هەندێک پیشاندانی ڕواڵەتی جوانی و کەلتوری نەتەوەکە لە سەرەتادا و پاشان ئەکرێتەهۆکارێک بۆ بژێوی ژیان، بەڵام لای هەندێکی تر پیشاندانی هەرڕواڵەتێک بێت گرنگ نییە، گرنگ پەیداکردنی ئەو بژێویەیە، هەندێجاریش لە پەیداکردنی بژێویش فراوانتربووە و بۆتە جۆرێ لەدەستکەوتکاری وگیرفان پڕکردن، ئەمجۆرەیان بەهیچ جۆرێک بایەخ بە چۆنیەتی هونەرەکەو کوالیتی هەرچۆنێک بێت گرنگ نییە،لەم شۆڕشە نوێیەی میسرییەکاندا ئەوەی لای من سەرنج ڕاکێش بوو،پاش سەرفەراز بونیان لیستێک بەناوی ( قوائم العار- http://el3ar.info/ ) پەیدابوو ،کە زیاتر لە ناوی 37 لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و وەرزشکارانی میسری یە، ئەتوانرێ لەرێی ئەولینکەوە زانیاری زۆری لەسەر وەربگیرێ، زیاتر بەهەڵوێستی ئەو کەسانە ئاشنا بن، کە بۆ من زۆرجێگای سەرنج بوو.' زۆر هونەرمەندی تیایە کەسەرتاسەری ژیانیان هونەرەکەی خۆیان کردبووە هۆکارێکی باش بۆ ڕاستکردنەوەی هێڵەخوارەکانی دەسەڵات ، کەم تازۆر بەئاگاهێنانەوەیان مانەوەیان وەکو دەسەڵاتێکی خزمەتکاری میلەتەکەیان، بگرە کاریگەری کارەهونەریەکانیان سنوری وڵاتەکەی خۆیانی تێپەڕاندبو، هەردەم لەهەوڵ دا بوون بۆ بەکاربردنی هونەرەکەیان لەوپێناوەدا،بەڵامبەداخەوە هەندێ گۆڕانکاری چاوەڕوان نەکراو لە هەڵوێستی هەندێهونەرمەند دەرکەوت، کەواهەستئەکرێ ئەو هەڵوێستەیان ببێتەمایەی دڵ نیگەرانی زۆر کەس لە ناوەوە و دەرەوی

ولاَتەكەشیان، كەتاهەتایە پێوەی بتلێنەوە، هەرجەندە هەندێ هۆكاری تایبەت هەیە بۆ ئەو هەڵوێستانەیان، كە لێرەدا جێی باس نییە،بەڵام ئەو هۆكارانەش بەپاساو ئەزانم جونكە هەندێ جار نەدوان باشترە لەو پاساوانە، بۆیە لێرەدا گرنگە كە ئەوەبزانیین هونەرمەند بەتەنها كارەهونەریەكەی كاریگەر نییە، بەڵكو كەسایەتی خۆشی بەهەمان ئاست كاریگەرە.

لێرەدا ئەوە گرنگە بڵێین كە، ئەركی هونەر و هەڵوێستی هونەرمەندان زۆر لەوە گەورەترە لەبەر بەرژەوەندی تاكەكەسی یان پاراستنی هەڵئاوسانی گیرفانیان هونەر بەئاقارێكی ناشیرین و دژ بە بەرژەوەندیەكانی میللەت بەكار بەرن، یان هەندێ لێدوان هونەرمەندان هەیە كەئەبێ زیاتر بەرپرسانەلێی بەئاگابن .

ئاشكرایە كە ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ مرۆڤ خاوەنی دووجۆرە تەمەنە .

1- تەمەنی ژیان، بەواتای ئەوماوەیەی كەلە ژیاندایە، خاوەنی ژمارەیەك ساڵە لە لەدایك بونیەوە تا ماڵئاوایی كردن.

2-تەمەنیناوبانگی كار و هۆشیاری.

ئەم جۆرەی دووهەم زۆرگرنگە كەهەڵوێستەیەكی لەسەر بكەیین، ئەبێ بزانیین كە ئەم تەمەنە خاوەنی ئەو ژمارەیە تەمەنی ژیان نییە، بەڵكو خاوەنی چۆنیەتی كردار و ڕەوشتی هونەرمەندەكەیە، هەڵوێستی لە ئاستی نیشتمان پەروەری و كاركردنی هونەری لەبەرەی گەل دا، ئەو هۆكارانە دەست نیشانی ئەو مێژووە ئەكەن، دەستنیشانی ئەوژمارەیە ئەكەن بە پێی هەڵوێست و جۆری ئەوڕەوشت وكارانەی لەمێژوی ژیانیاندا ئەنجامی داون، جا لێرەدا من بەباشی ئەزانم كە هەڵوێستە و لێدوان هەر لەسەر كاری هونەری بكەین. بۆنموونە كەسێكی وەكو مۆسیقاری بەناوبانگی جیهانی (مۆتزارت) كە تەمەنی ژیانی تەنها (36) ساڵ بووە، بەڵام هەرلەوساتانەوە بەشێوەیەكی تەریبی هەڵوێست وناوبانگی كارەكانی و خزمەتكردنی مرۆڤایەتی ئەو كەلەهونەرمەندە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕۆشتووە، ڕۆژانە لەناخ و هۆشی تاكە زیندوەكانی ئەم سەرزەمینە بەپێی هۆشیاری تاكەكان ئەبێتە هاوەڵیان، هەردەم لەویژدانی مرۆڤەكاندا ئەژی، بەپێچەوانەشەوە كەسێكی وەكو سالێری كە هەردەم دژبەری مۆزارت بووە نازناوی هونەرمەندی دەرباری هەبوو، نەك كارە هونەریەكانی لەخزمەتی نەتەوەو گەلدا نەبووە، بەڵكو كارەهونیەریەكانی بۆ ڕازی كردنی ساتیی كەسانی دەرباربووە و بە هەموو تواناشییەوە دژایەتی مۆزارتی مەزنی كردوە، بۆیە گرنگە ئێمە سەرنج لەم نمونە زیندوە بدەیەن. هەر لەڕوانگەی ئەو هەڵوێستانەوە ئەركی هونەر و هونەرمەندان بنرخێنیین.

هونەری مۆزارت هەرلەوسەردەمانەوە تائێستاش لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە ولێیان جیانابێتەوە تەمەنەكەی بەئاستی تەمەنی دنیا ژیان ئەكات،

بەرامبەرەکەشی سالێری هونەرمەندی دەربار لەگەڵ ماڵئاوایی کردنی خۆی، کارە هونەریەکانی لەناوچوون، لەبەر ئەوەی ئەو تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزوی کەسانی دەربار کاری هونەری ئەکرد.

هونەر بەهەموو جۆرەکانییەوە، هۆکارێ پیشاندانی ڕواڵەتی جوانی نەتەوە و میلەتانی سەر ڕوی زەمینن،لەڕوداو و سەرگوزشتە جیهانیەکاندا سەدان سەرگوزشتەی جوان و نیشتمان پەروەرییان تیا بەدی ئەکرێ.

وەکو یادەوەریەکان لە دواساتەکانی ئەنجامدانی ئەنفالی بەدناو لەلایەن ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەدام، برادەرێک لەشاخەوە نامەیەکی بۆ هاوەڵە هونەرمەندەکانی خۆی لەشار نوسیبو، تیایدا بەمجۆرەئەدوا:

برادەران بەداخەوە دوژمنی داگیرکەرمان ئەوەندە سەرسەختو داپلۆسەرە، ئێمە بەرەنگاری ئەومان پێنەکرا، بەداخەوە دەیان بیروڕا لەناوماندا دروست بووە، تیامانداهەیە ڕێی هەندەرانی گرتەبەر،یان مانەوە لە وڵاتەکانی دەوروبەر، کەمێکمان توانای مانەوەی ناو شاخەکانی کوردستانی هەیە، هەرچەندە لەبەر نەمانی گوندەکان و ڕاگواستنیان بەدەستی ڕژێمی بەدناو، ژیانی ئەوانیش زۆر لەکولەمەرگی دا ئەبێت، بۆیە من هیوام بەئێوەی هونەرمەند هەیە کە نەهێڵن سیماو مۆرکی نەتەوەکەمان بسڕێتەوە، کە هەردەم دوژمن لەسەرەتای پیلانە بەد ڕەوشتیەکانی بەکاری ئەبات، هیوام وایە ئێوە پارێزەری هونەرو کەلتوری نەتەوەکەمان بن، وەکو هەردەم لەو هەوڵە کەمتەرخەمیتان نەکردوە، بەڵام بڕوام وایە ئێستا ئەرکەکەتان سەخت ترو گرانترە، بویە داوام وایە ئێوە بەخۆڕاگری بمێننەوە و دەست لەو ئەرکە نەتەوەییە هەڵنەگرن.

من نامەوێ زۆر لەسەر ئەوهەڵویستانەی ئەوسا بدویـــم، بەئاستی ئەوەی مێژوی هەرکەسەو گەواهی خویەتی، ڕۆژێک هەڵوێستی هەندێ لە هونەرمەندانی ئەو سەردەمانەش ئەبنە جێگای باس و خواز.

ئاشکرایە کە ئەوسەردەمانەی هیتلەر فەرمان ڕەوایی زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپای ئەکرد، وڵاتی (چیک و سلۆفاکیا) یەکێک بو لە وڵاتە بندەستەکانی هیتلەر، هەرلەوسەردەمانەدا میلەتانی چیک و سلۆفاکیا ئاه و ناڵەی ژێردەستی دوژمنان و داگیرکەرانیانیان هەبوو، هەمومافەڕەواکانیان لێزەوت کرابوو، چەندین بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیان بەنهێنی دروست کرد، بەڵام هەڵئاوسانی زەبروزەنگی هیتلەریان، تا ئەوساتەی کە کاری کردەسەر ڕەوشی هونەرو وێژەو ڕۆشنبیری، بەواتای ڕژێم تەنها هاوکاری هونەری لەڕێی دەربارەکانی خۆیەوە ئەکرد، ئەوەی تۆزقاڵێ شکی نیشتمان پەروەری لێبکرایە، نەک هاوکاریان نەئەکرا، بەڵکوو کارەهونەریەکانیان قەدەغە ئەکرا، ڕێ بەکارێکی هونەری ئەدرا کە پڕاو پڕ لە بەرژەوەندی داگیرکەرە هیتلەریەکاندا بوبێت،هەندێجارهەندێ هونەرمەندی دەربار کاری هونەریان ئەکرد کە باسی نەتەوەی چیکی ئەکرد و

پیشانی میلەتی چیکییان ئەدا کە میللەتەکەیان لەسایەی ئەوداگیرکەرانەدا چەند لەخۆشیدان، لەبەرئەوەی ئەوهونەرمەندە ناهونەرمەندانە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، ڕۆڵێکی ناوبژیوانیان لە نێوان داگیرکەر (دەسەڵات) و میللەتدا ئەبینی، کەهەرگیز هونەرمەند بە ناوبژیوان پەسەند نییەو ئەشێ هەردەم ڕۆڵی تاکێکی نەتەوەیی بەئەمەکی نەتەوەکەی ببینێ، هونەرمەند ئەرکەکەی ئەوەندە پیرۆزە کە هەموشتەکان لای ئەو دوجۆرن ڕەش یان سپێ،ڕەنگی خۆڵەمێشی لە هەڵوێستی هونەری نەتەوەیی و لای هونەرمەندی نەتەوەیی ڕاستەقینە نییە، هونەر و هونەرمەند ئەبێ لەخزمەتی نەتەوە دا بن، جگە لەهونەرمەندانی دەربار، کە باسی تایبەتییان لەسەرە، بۆیە لەناو هونەرمەندانی چیک، چەند هونەرمەندێکی بیر ڕۆشن و نەتەوە خواز یەکیان گرت کە بەجۆرێک لەجۆرەکان، نامەیەکی سپی یان ئاراستەی نوێنەری هیتلەر (دەسەڵاتی ئەوساتەی چیک) کرد ، ئەو نامە سپێیە بووە جێگای سەرنجی نوینەری هیتلەر، لەلایەن چەندین هونەرمەندانی دەربار لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆکرا، بۆیە نوێنەری هیتلەر داوای بینینی ئەو هونەرمەندانەی کرد، بەڕای گشتی جەند هونەرمەندێک ، ئامادەی ئەو دانیشتنە بوون کە لەنێوان هونەرمەندانی ڕزگاری خواز و دەسەڵاتی ئەو ساتەی چیکدا ڕویدا، داوای دەسەڵات ئەوە بوو کە ڕون کردنەوە لەسەر ئەو لاپەڕە سپییە بدەن، وەڵامی هونەرمەندان ئەوە بوو، کە تائێستا چەندین جار ویستویانە بەرهەمی هونەری پێشکەش بکەن بەڵام ڕێگری یان لێگراوە، هۆکارەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نوێنەری دەسەڵات، ناوەرۆکی کارەهونەریەکەیان بەدڵ نەبووە و گوایە لە خزمەتی بارودۆخەکانی ئەوسەردەمەدا نەبوون، بۆیە ئەمانیش ئەیانەوێ کارێکی هونەری بێ ووشە پێشکەش بکەن، کەتەنها بریتی بێت لە نواندن و مۆسیقاو بالێ، لەبەر ئەوەی لای ئەو نەزانانە (واتای دەسەڵاتی نەزان کە بێئاگایە لەڕەوش و کاریگەری هونەر) ئەو نمایشە یان ئەو دەقە بێ ووشەیە بووە جێی سەرنجی نوینەری هیتلەر و ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، هەرچەندە هەندێک لە هونەرمەندانی دەربار لایان باش نەبوو و گومانیان لە هەڵس و کەوت و تواناو هۆشمەندی ئەو هونەرماندانە هەبوو، دوربینی هەندێشتیان ئەکرد، بەڵام نەیان ئەزانی چۆنی دەر ببڕن، ڕۆژی نمایش دەست نیشانکرا، نمایش دەستی پێکرد، بەهرەمەندی و نەتەوەیی ئەوهونەرمەندانە لەوێدا بو لەو نمایشەدا بە جوڵەی لەش و ڕەنگی جل وایان لە بینەر گەیاند کە ڕۆژی سەربەخۆ بون نزیکەو ئەشی هەموو نەتەوە خوازێک بەشدار بێت، لە کۆتایی نمایشەکەدا بەجۆرێک ڕاوەستان و سڵاویان لە بینەر کرد کە نمایشی ئاڵای چیک بوو،سڵاوی دەوڵەتی چیک بوو، بۆیە هەر لەناو ئەو شانۆیەوە شۆڕش دەستی پێکرد و بینەران پەلاماری نوێنەرەکانی دەسەڵاتیان داو شۆڕشی ژێرزەمینی کە بەعەرەبی بەناونیشانی ( ثورة الدهالیز) بەناوبانگە، دەستی پێکرد و هەر ئەو بزوتنەوەیە

لە ماوەیەکی کەمدا داگیرکەرانیان وەدەرنا و ئالأی ولأتەکەیان لە ناو شانۆکەوە گواستەوە بۆ سەر کۆشکو تەلارەکانی نیشتمان.

کەم کەس لە ئێمە ئەو ئەفسەرە فەرەنسیە ناناسێ کە ناوی (ڕۆجییە دیلێل) ی فەرەنسی یە، کەسێکە لە بزوێنەرانی شۆڕشی سەرفەرازیفەرەنسا لە دژی داگیرکەران، ڕۆلە بەجەرگ وبەئەمەکەکەی شۆڕشی نوێی فەرەنسا دژی داگیر کەران ئەوەندە هۆشیار بوو زانی بەتەنها چەک ، ناتوانن بەرەنگاری دوژمن و داگیرکەران ببن، ئەگەر ڕۆحی نیشتمان پەروەری لەناو ناخی میللەت دا نەبزوێنرێ، بۆیە بەخۆی و گیتارەکەی سەربازەکانی فێری سرودی مارسلیز کرد، بەوجۆرە لەماوەیەکی کەمخایەندا سۆزی ئەو ئاوازە گەیشتە گوێ و ناخی زۆربەی زۆری میللەتانی فەرەنسا، هەر لەو ڕوانگەیەوە میلەتی فەرەنسابەیەک دەست، چەک دار و بێ جەک کەوتنە گیانی داگیرکەران، تا گەیشتە ئەو شێوازەی کە تەنانەت جوتیار و خاوەن کێڵگەکان بە داس و کەرەسەی دروێنەکان هێرشیان بەرەوڕوی داگیرکەر برد، ئەوشۆڕشە بەردەوام بوو تائەوساتەی داگیرکەر بەرانگاری هێزی گەلی پێنەکرا و بەسەر شۆڕی لە ولأتەکەیان پاشە کشێی کرد تا ئێستاش میلەتی فەرەنسا شانازی بەو هونەرمەندە ئەفسەرەوە ئەکەن، بۆ جیهانیشیان سەپان ، کە هونەر گەر بە ڕێگەی ڕاست بەکار ببرێ ئەوا نوێنەرێکی جوانی نەتەوەیە، دەنگی بڵندی جەوساوەکانە هەڵگری مەشخەڵی ئازادییە، بەلأم ئەوساتانەش کەهونەر لەژێردەستی نەزان و گیرفان پرکەراکاندایە، ئەوا پڕاوپڕ پێچەوانەی ئەرکەکانی خۆی ئەکا ئەویش ناشیرین کردنی ڕواڵەتی نەتەوەیە، ئەو میلەتە و دەسەلأتەی بایەخ بەهونەری ڕەسەنی میلەتەکەی نادات و بەرەو ئاقارێکی نالەباری ئەبات، زیانەکەی تەنها بۆ میلەتەکە نابێ، بەڵکوو بەڵگەش پەیدا ئەکا بۆ لەناوچونی ئەودەسەلأتەش، بێزار بوونی جەماوەر، بۆیە ئەوە کارێکی نیشتمان پەروەریە کە گرنگە بەهەمومان، ئەوکارە ناهونەریە دژوار و ناڕەسەنانەی لەم ماوەیەدا بەرۆکی میلەتەکەمانی گرتووە و بەپێچەوانەی هەڵوێستی هونەرمەندانی پێش ڕاپەڕین کە پاراستنی مۆرک و ڕەسەنایەتی میللەتەکەمان بوو لە دژی بەعەرەب و تورک و فارسی کردنی هونەرەکەمان، ئێستا پڕاوپڕ بەپێچەوانەوە هەندێ کەسی هەلپەرست لە جیاتی دوژمنەکانمان لەو هەوڵەدان، من تا ئێستاش لە بێئاگایی دەسەلأت دوودڵم، لەبەر ئەوەی میلەتە سیخاونەکان (ڕەوەندەکان) ئەڵێن : پاراستنی هونەر پێش پاراستنی خاکە، ئەو میلەتەی هونەرەکەی پێنەپارێزرێ، لات سانابێ کە خاکەکەی بەئاسانی لی زەوت ئەکرێت. بۆ یە داواکارم لەهەموان....... بەسە ئەو بێ ئاگاییە، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کەمو کوڕیانەی دێنە پێش میلەت لەهەمو بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی هونەر دەسەلأت پشکی سەرەکی بەر ئەکەوێ، هەرچەندە هونەرمەند بەرپرسیاری

یەکەمە، بەڵام دەسەڵات لێپرسراوی گشتییەو هەمو چاونوقاندنێکی لە بێئاگایی یان نەزانی، مایەی سەرلێشیواندن و ناشیرینکردنی ڕواڵەتی میللەتە.

من ڕام وایە وەکو چۆن هونەر پێناسەیەو پیشاندەری ڕوالەتی جوانی نەتەوەیە، بەوجۆرەش هونەرمەند ئەبێ بڕیاردەر بێت، ئەوهونەرمەندانەی لەساتی پێوستی نەتەوەییدا کەمتەرخەم و بێ ئاگان، هیچیان لەدەسەڵاتی بێئاگا و نەزان کەمتر نیە. وەکو دوو وێنەی ڕوی دراوێکن.

سەڵاح ڕەوف

2011/3 هۆلەندا

www.salahraouf.com